بارزانی بەشداری لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی نیشتمانی فەرەنسا دەکات

مەسعود بارزانی پیرۆزبایی ڕۆژی نیشتمانی فەڕەنسای لە کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر کرد.

بارەگای بارزانی بڵاوی کردووەتەوە، ئەوارەی ئەمڕۆ دووشەممە 14ـی تەممووزی 2025، مەسعود بارزانی سەرکی پارتی لە هەتەل ڕۆتانای شاری هەولێر بەشداری لە ڕێوڕەسمی یادی ڕۆژی نیشتمانی فەرەنسا کرد.

بارەگای بارزانی ئاماژەشی داوە، لە ڕێوڕەسمەکەدا، کە لە لایەن کونسوڵخانەی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر ئامادە کرابوو، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە میوانی ناوخێیی و بیانی بەڕێوە چوو، بارزانی پیرۆزبایی ڕۆژی نیشتمانی فەرەنسای لە کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر کرد.